وتاری شێخ محەمەدی موفتی

ئیهانەیەك بۆ سەرجەم کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان

عەلی مەحمود محەمەد

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو خوتبەیە کە مامۆستا شێخ محەمەدی موفتی لە مزگەوتی جامعەی شاری هەڵەبجە پێشکەشی کرد وەك نارەزایەتییەك بەرامبەر بە دانانی بەڕێز پاڕێزەر کاك گۆران ئەدهەم وەك قایمقامی شاری هەڵەبجە.

لە هەر وڵاتێك کاتێك دەستوور نەبێت و بڕیاری کەس و پیاوانی ئاینی ،جێگای دەستوور و یاسا بگرێتەوە،بە ئارەزووی خۆیان خەڵك بکەنە بە کافر و مورتەد،ئەوە مافی هاووڵاتی بوون پێشێل دەکرێت و وڵات بەرەو چارەنووسێکی نادیارو ڕەش دەبردرێت،نموونەش لەو بوارە زۆرە و تاقیکردنەوەکانیش تاڵ و ماڵوێرانکەرن.

وەك لە وتارەکەدا دەبینین مامۆستا مافی کاکەیی و ئێزیدی و کریستانەکانی کوردستان پێشێل دەکات لەوەش زیاتر کەمترین پۆستیان پێ ڕەوا نابینێت و وەك ئەهلی زمە سەیریان دەکات،لە کاتێکدا بە پێی یاسا هەموو هاووڵاتییەکی دانیشتووی ئەم هەرێمە مافی خۆ کاندیدکردنی بۆ هەر پۆستێکی ئیداری هەیە لە کوردستان بە سەرۆکایەتی هەرێمیشەوە.

ئەمە سەرەتای تاقیکردنەوەیە بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان لە مومارەسەکردنی مافی هاووڵاتی بوون،پێویستە تەواوی ڕەوتە ئاینییەکان هەڵوێستی خۆیان ڕون بکەنەوە لە ئاست ئەم دۆسیە هەستارە،تەنها پەیوەند نییە بە وەرگرتنی پۆستێکی ئیداری لە لایەن کاك گۆران ئەدهەمەوە، بەڵکە پەیوەستەبە پاڕێزگاریکردن لەمافی هاوولاتیبوونی سەرجەم پێکهاتە ئاینییەکان کوردستان.

من لێرەوە داوا لە کاك گۆران دەکەم کە تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەخۆوە نەبێت ئەو پۆستە قەبوڵ نەکات،وە ڕەتی بکاتەوە بۆ دەسەڵاتداریەتی سیاسی کورد،مافی خەڵکی هەڵەبجە و هەر شارو شارۆچکەیەکی کوردستانە بەرپرسانی ئیداری خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن.

لە خوارەوە دەقی وتارەکەی مامۆستا بحوێنننەوە:

(وتاری شێخ محمدی مفتی مزگەوتی جامعە هەڵەبجەی شەهید ٢٥/ ١٢/ ٢٠٠٩)

ئەوەی کە جێ ی نیگەرانی یە و داخە بیستومانە وە کو لە زاری خەڵکەوە زۆر پەیوەندیان پێوەکردوین بە هەموو مزگەوتەکانەوە کە گوایە هاواریەك دادەنرێت بۆ سەرگەوڕەی شارێکی ٤٨ مزگەوت شارێکی گەورەی ٥٠٠٠ کەس کە شەهید بوبێت لێ ی ٥٠٠٠ کەسی سوجدەی بردبێت بۆ خوا بۆچی ئەمێت ئێمە خۆ کاندیدێکمان بەدەست نی یە بڵێین ئەوە نەبێت با ئەمە بێت هەتا خەڵکی وا گومان بەرێت کە ئێمە گوایە ئەوەی خۆمان دەوێت یاخود کەس و کارەکەیان عەشرەتەکەیان فلانی یە بەڵام ئێمە دەڵێین با یەکێکی هەڵەبجەیی بێت یەکێك بێت لەوانەی کە لە کوردایەتی و شۆڕش و لە ئینسانیەت و لە ئەخلاقدا دەستی هەبێت یەکێك بێت لەوانەی کە خەڵکی بناسێت و یەکێك بێت لەوانەی کەلە ناردەحەتیەکانی هەڵەبجە بەشداری کردبێت ئاوێکی لە هەڵەبجە خواردبێتەوە و خەڵکەکەی بناسێت و بنەماڵەکانی بزانێ کێیە و عەشیرەتەکان بزانێ کی یە کۆڵانەکان پیایا گەڕابێت نەك نەك خەڵکێك کەوا دانرابێت و بەتایبەتیش هیچ ئیحترامێك دانەنرێت بۆ ٤٨ مزگەوت ئەگەر ٤٨ مزگەوت لە جمعە و جەماعەت لە هەڵەبجە دەرکرێت ئیتر کێ ی تێدا ئەمێنێتەوە وە ئەبێت ئیحترامی لێ بگیرێت و لەبەر ئەوە ئێمە پێمان ناخۆشە و ئێمە داوادەکەین لەوانەی کە بەدەستیانە وە بەمەیش نەکافر دەبین و نەدەڕۆینە دەرەوە لە حەقێکی قانونی ئەڵێین ئەمەمان پێناخۆشە ئەڵێین با ئەمە ئاوانەبێت ئاوا بێت کابرایەکی ئیحترامیان لێ گیراوە چەند ساڵە لە شاری هەڵەبجەدان ڕۆژەکانی احتفالیان لە تەعزیەکانیان موسڵمان بەشداریان کردوون ئەوانیش بەشداری ئەمانیان کردووە کەسێك خۆێنێك نەڕژاوە لە بەینیان ئەمە بەم شێوەیە بەم شێوە بمێنێتەوە نەك بکرێت بە والی بە حاکم بەسەر هەڵەبجەوە قەیناکە زۆربەی دائیرەکان کە ئێستا کە تێ ی کەوتووە ئەو خەستەخانەی ئەولا خەریکە پڕ دەبێت لە هاواری و ئەوە مدیری مەکتەبەکان خەریکە پڕ دەبێت و ئەوە دائیرەکانی کەش ورده ورده تێیان دەکەوێت بەڵام ڕەئیسی وەحدەی ئیداریش بۆ بدرێت بۆ ئە کەسەیە ئایا هەڵەبجە ئیحتراف بکرێت بڵێین خاڵیە لە پیاو کەسی تێدا نی یە بۆ ئەوە ناشێت کەسی لێ هەڵبژێرێت ئەی خەڵك بۆچی خزمەتی بکرێت هەڵەبجە ئەگەر کەسی تیانەماوە ئەگەر ئیعتراف بکرێت بڵێن پیاوی تیا نەماوە یەکێك بێت بێتەوە لە بەغاوە با ئەم یەکە بۆتان خزمەت بکات ئاخر بۆچی لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ شتێکی شەخصی نی یە لە وزعەکە ئەوخەڵکە زۆرە کە پەیوەندی و نیگەرانی و ناخۆشییان دەربڕیوە بەرامبەر بەوەی کە قائیمقامێکی هاواری بێت بە گەورەی هەڵەبجە هەڵەبجە عەقیدەیەکی هەیە هەڵەبجە ٤٨ مزگەوتی تێدایە ٤٧ یان پێش کیمیاوییەکە دروست کراون یانی ئەوە نەبێت دەستی کۆمەڵێکی تێدانەبێت بڵێن ئەوە دەستێکی حزبێکی ئیسلامی یە یا حزبێکی فلان یان فیسار ئەمەی دروست کردووە هەموو مزگەوتەکان دەست باوباپیرە و خەڵکێکی زۆر لە هەڵەبجەوە بە عەقیدەوە هاتوتە پێشەوە لەبەر ئەوە ئەبێت عەقیدەی ئەو هەڵەبجەییە پاڕێزرێت و ئەقیدەی ئەو هەڵەبجەیەش ئەو دینە ئەو خەڵکەیە کۆ ئەبێتەوە ئەو مەراسیمە یە ئەو شیعارەیە ئێرە عەینکاوا نی یە شەقلاوا نی یە تەنها دوو مزگەوتی تێدابێت ئەبێت ئەو گوێ ی بۆ بگیرێت ئەمە ڕاز و نیازی دڵی خەڵکە ئێمەش بەرزی دەکەینەوە ئایا بە گوێ دەکرێت یان ناکرێت ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو دیموکراتیەی ئەمڕۆ بزانین چۆن دەبێت سەپاندنە هەر لەم ڕۆژانە لەم شەوانە خۆتان ببینیتان لە تەلەفزیوندا لە شاری دووزخوماتوو وابزانم قائیمقامێکیان دانا خەڵکی عەشائیرەکە پیاوچاکەکان و پیاو ماقوڵان هەموویان کۆبونەوە ووتیان فلان کەس قائیمقامانە و کۆبونەوە لەسەر یەك دەنگ ئەوە بوو تەلە فزیۆنەکانیش نقڵیان کردو بە فەخرەوە نقڵیان کردوو ئەیانوت فلان شار قائیمقامیان بۆ خۆیان بۆ خۆیان هەڵبژارد ئێ بۆ هەڵەبجەش وانەبێت (د.بەرهەم) هات لە مۆنۆمێنتەکە وەعدی دا بە هەڵەبجە خەڵکێکی زۆر ئێستا لەم شۆێنەش دانیشتوون ئەزانن ووتی هەڵەبجەیی خۆیان قائیمقام بۆخۆیان دیار ی بکەن ئێمە دەستکاریان ناکەین و حەقمان نی یە بەسەرەوە ئێ بۆ ئێستا خەڵکێك دابنرێت و هەڵەبجە ئاگای لێ نەبێت یان بڵێن یەك کەس لە هەڵەبجەوە چووە و پێشنیاری کردووە و ئیتر باقیەکەی ئاگادار نەبێت چونکە ئەو کەسە ئەبێت بە ڕەئیسی وەحدەی ئیداری یانی گەورەی تۆپە تۆ قبوڵی دەکەیت لەشەرعدا گەورەی خۆت گەورەی خۆت مورتەبێت یان هاواری بێت یان یەکێك بێت لەم شێوانە ئێمە ئیحترامی موتابەدل هەیە

لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان پێغەمبەری خوا صلات و سەلامی خوای لەسەر بێت فێڕی کردوین کە چووتە مەدینە عەقدی بەستووە لەگەڵ یەهوداڵەگەڵ ئەنصاردا لەگەڵ گاوردا نەیفەرمووە کە وا ئێوە گەورە و پێشەوا بن فەرمویەتی بژین وەیەك کەس ناتوانێت دەستتان بۆ بەرێت وە ئێمەیش هەروادەڵێین هاواری بژی یەزیدی بژی نەك بڵێین ئیتر هاواری لە هەڵەبجە هەموو شتێکی بەدەست بێت یەزیدی لە دهۆك هەرچی شتە لە دەستیدا بێت مەسیحی لە هەولێردا هەرچی شتە لەدەستی دایێت ئەوی باشە موسوڵمانە ئەم دوو ملیۆن موسوڵمانە لە کوردستان ئەی باشە (٤٠٠ - ٥٠٠) مزگەوت لە کوردستانداسوجدە نەبات بۆ خوا ئەی نایێت ئیحترامی ئەمانە بگیرێت وڵاتی هیندیستان لە ساڵانی ڕابردوودا خۆتان ئەزانن ئاگاتان لێ یە کە غاندی ڕەئیس وزارە بوو ئا فرەتێك بوو چەند دکتۆرای هەبوو کابرایەك بوو چەند دکتۆرای هەبوو یاعنی ئەزانێت کامە میکرۆبە و کامە پیسە کامە بەکتریای پێویە بەڵام لەبەر عەقیدەی شەعبەکە تەشتێ شیاکەی هێنا لەسەر میزەکە داینا پێش ئەوەی دەست بکات بە خوتبە پەنجەی بە شیاکەکەوە سووی بەناوچاوی خۆی یەعنی من عەقیدەم لەسەر عەقیدەی ئێویە خەڵکەکە یەعنی بۆ عەیب بێت کە گەورەیان خەڵکان بڵێن ئێمە عەقیدەمان لەسەر عەقیدەی ئێویە خەڵکەکە چوار ملیۆن کەس سوجدە ئەبات ئێ ئەوا کۆمەڵێکی کەم بوو یەزیدی کۆمەڵێکی کەم هاواری لەشەوانی هیجرەتدا هەر سەیری تەلەفزیۆنەکانم دەکرد هەربەسی یەزیدی بوو ماوەیەکی تریش هەربەسی هاواری دەبێت کەواتە مسوڵمان کوا دیموکراتیەت کوا شت لەبەر ئەوە ئەمە باسی دەکەین پێناخۆشی بوونە دەری دەبڕین.

فیلمی یەکێ بوو یەکێ نەبوو

خەڵاتی دادوەرانی وەرگرت

سلێمانی، تەرزە عەبدوڵڵا

لە ئاهەنگی کۆتایی ڤێستڤاڵی دوهەمی سلێمانی، خەڵاتی ئاسکی زێڕین دووەمین فیستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی بەسەر فیلمە سەرکەوتوەکان دابەشکراو ، فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زۆرینەی خەڵاتەکانی فیستیڤاڵەکەیان بەدەستهێنا.

پێش ئاشکراکردنی خەڵاتەکانی فیستیڤاڵ، پێنج هونەرمەندی هەرێمی کوردستان خەڵاتی "تەمەنی هونەری" یان پێبەخشرا، ئەوانیش هەریەك لە هونەرمەندان "عەلی نوری (٦٦ ساڵ)، مستەفا ئەحمەد (٥٨ ساڵ)، عەلی توانا (٦١ ساڵ)، ئەختەر کەریم (٥٧ ساڵ)، جەلیل زەنگەنە (٦٢ ساڵ)."

لەو ١٠ خەڵاتەی (خەڵاتی ئاسکی زێڕین) لەلایەن لیژنەی داوەری فیستیڤاڵەکەوە بەخشرایە فلمەکان بریتی بوون لە " فلیم بەخشاریە باشترین فلمی مندالان (فلمی زەوی فوتبۆڵ)، باشترین موزیك (فلمی ڕاسپاردە)، باشترین دەنگ (فلمی سێ)، باشترین مۆنتاژ (فلمی سیمینار)، باشترین سیناریۆ (فلمی خولیای بەفرین)، باشترین وێنەگرتن (فلمی سێ)، باشترین ئەکتەر کچ (هێرۆ عەزیز ـ لە فلمی سێ)، باشترین ئەکتەری کۆڕ (ئاسۆ شێرە بەیانی ـ لە فلمی سیمینار) ، باشترین فلم کە خەڵاتی لیژنەی داوەرانی وەرگرت (فلمی یەکێ بوو یەکێ نەبوو)."

لەکۆی ١٠ خەڵات، فلمە بەرهەمهێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان توانیان حەوت خەڵات بەدەستبهێنن، فلمە بەرهەمهێنراوە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان تەنها فلمی (سێ) توانی سێ خەڵات بەدەست بهێنێت و فلمەکانی تر هیچ خەڵاتێکیان بەدەست نەهێنا.

بەرهەمە بەشداربووەکانی فیستیڤاڵەکە بێجگە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەرهەمی دەرهێنەرەکانی کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیاشی تیادابوو، هەروەها چەند میوانێکی فیستیڤاڵیش لە وڵاتانی دەرەوە داوەتی فیستیڤاڵەکە کرابوون.

ناسر حەسەن ـ بەڕێوەبەری گشتی سینەما لەهەرێمی کوردستان لە کۆتای فیستیڤاڵەکەدا وتی "بەهیوابن لە کۆتای ساڵی داهاتوودا فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان سازبکەین و بەرهەمە بیانییەکانیش بەشداری تیادا بکەن."

ناسر حەسەن وتیشی "سینەما لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش ڕۆیشتووە بە بەراوورد بە دوای ساڵی ١٩٩١، فلمە کوردییەکان ئێستا دەتوانن بەشداری فیستیفاڵە جیهانییەکان بکەن، بۆ نمونە فلمی (سرتە لەگەڵ بـا) بەشداری فیستیڤاڵی (کان)ی کرد."

هەر لە ئاهەنگی کۆتای فیستیڤاڵدا، خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە (یاد کەریم قادر) خاوەنی (سینەمای شار) بە هۆی ئەوەی چەند هۆڵێکی سینەمای مۆدرێنی لەشاری سلێمانی دا دروستکردووە.

پێشتر زۆربەی سینەماکانی شاری سلێمانی لە لایەن خاوەنەکانیانەوە ڕوخێنران و کرانە پرۆژەو تەلاری بازرگانی، ئەمەش نیگەرانی لای هونەرمەندان و هەوادارانی بواری سینەما دروستکرد لە شاری سلێمانی دا.

ڕۆژی کۆتایی دووەمین فیستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی (٢٨-١٢-٢٠٠٩) هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانی جەژنی سینەما.

لە نۆ ڕۆژی نمایشکردنی فلمەکانی دووەمین فیستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی لەهۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی، بینەرانێکی زۆر ئامادەی فیستیڤاڵەکەدەبوون کە بەهۆی نەبونی شوێنەوە ناچار دەبوون لەسەر زەوییەکە دابنیشن، ئەمەش بووە جێی سەرنجی سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵەکەو بەهۆکاری سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکەیان زانی .

ئەمە دووەم جارە فیستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی سازدەکرێت، ساڵی پار یەکەم فیستیڤاڵ سازکرا، بڕیاریشە ئەم فیستیڤاڵە بکرێتە نەریت و هەموو ساڵێك سازبکرێت.



ڕێگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
کەمال شاکر

سەرنووسەر
هەندرێن ئەحمەد
handren88@yahoo.com
Mobil: 0750 4472264
Tel: 0662225147
0662514312

جێگری سەرنووسەر
ئاسۆ جەلال
Asojalal@yahoo.com
Tel:0662220536
Mobil: 07504485724

کاری هونەری و نەخشەسازی
نەبەز مستەفا
Nabaz_77@yahoo.com
Tel: 4492282

نووسینگەی سلێمانی
07701523300 ئاسیاسێل
07301523300 سانا تێل

نرخی (٥٠٠) دینارە
١٢ لاپەڕەیە

ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاداری ....ئاگاد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تاییەت بە خانووبەرەی زنجیرە (٥٢٢٧ / ٢١) لە گەڕەکی (٧٢داڕەتوو) لە ڕێکەوتی ٢٢ / ١١/ ٢٠٠٩ وە دەرئەنجام ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بڕیارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی (مجید عبدالله حسن) بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
داوەری بەرایی دەشتی هەولێر
داوەر/ نوزاد حسین أسعد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تاییەت بە خانووبەرەی زنجیرە (٥٢٩٨ / ٢١) لە گەڕەکی (٧٢داڕەتوو) لە ڕێکەوتی ٢٤ / ١٢ / ٢٠٠٩ وە دەرئەنجام ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بڕیارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی (رزگار عثمان رشید) بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
داوەری بەرایی دەشتی هەولێر
داوەر/ نوزاد حسین أسعد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تاییەت بە خانووبەرەی زنجیرە (٥٢٢٧ / ٢١) لە گەڕەکی (٧٢داڕەتوو) لە ڕێکەوتی ٢٢ / ١١/ ٢٠٠٩ وە دەرئەنجام ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بڕیارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی (واڕسی/ بایز رضا عبدالله) بچەسپێو ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
داوەری بەرایی دەشتی هەولێر
داوەر/ نوزاد حسین أسعد